
# (ئـ ە ن ف ل ۆ ن زا)

نەوزاد ئەحمەد حسێن



کەناری‌یەك گێڕایەوە:
هەموومانیان کۆکردەوەو..
لەگوێنییەکی نایلۆنا..
پشیلەیەك یارمەتی دام..
ئەگینا منیش، ساردوسڕ..
ئەگینا منیش، زیندەچاڵ..
لەکۆڵیتی سەگێکدا،
بەدزییەوە مێزگردێکم
لەگەڵ مراوییەکدا کرد..
بەهێواشی ووتی: ئەگەر کامێراو
مۆبایل‌و ریکۆدەرت پێیە،
بەو سەگەی هاودەمم ئەڵێم
کەڵبەکانیت تیا بشکێنێ..
سەگ مڕاندی..
گیرفان‌و جانتام پشکنرا..
ئینجا ووتی:
چیت بۆ باس کەم..
سەد.. دوو سەد قاز..
شەست.. هەتا حەفتا مراوی..
لەتەنیشت یەك..
خۆمان گەرم ئەکردەوە..
لەپڕ هاتن..
جزمە لەپێ..
دەستکێش لەدەست..

دەمامك كراو..
قاز.. قاز خرانە كیسەوە..
مراوی.. مراوی..
دڵی پڕبوو..
سەگ فرمێسكەكانی سڕی..
بەردەوام بوو:
شۆڤڵ چاڵێكی دروست كرد..
گریانی ئەو هەموو قازە، سوودی نەبوو..
قیژەی ئەو هەموو مراوییە..
هەموومان دەمی شۆڤڵی،
بەساتێ ئەنفالی كردین..
ئەو سەگەی هاوڕێم نەبووایە،
فریام كەوتو..
خۆڵ و گڵی هەڵدایەوە..
دڵی پڕبوو..
سەگ لەپرمەی گریانیداو..
قاز سەری خستە سەر سنگی..
دوانزە رۆژە نەڕوناكیم منی دیوەو..
نە من دەنوكم خستۆتە رووبارەوە..
نە هەواڵی هاوڕێكانم..
چۆلەكەیەك لەدەرگایدا..
لێم كردەوە..
لەپۆلەكەم بەجێ ماوم..
دوو فیشەك و..
سێ زامی ترم پێوەیە..
وەكو سوپاكەی عوسمانلی،
تێمان كەوتن..
درەختەكەمانیان بڕی..
زەڕنەقوتەكانیان كوشتین..
هێلكەكانیان زیندەچاڵ كرد..
كوكوختییەك بەدزی ئاسایشەوە
بیست گرام گەنمی كڕیو..
گەڕایەوە بۆ ئەشكەوتێكی هەزارمێرد..
پشیلەیەك ووتی: ئیتر
من مەل ناخۆم..
ئەوەی من دیم، كەس نەیبینێ..

قەفەز.. قەفەز ئەکرانەوەو..
ئەیانووت: کەناری ئەخۆی
یان تەیرلحوب؟
ڤنس ئەخۆی یان
بێچووی قومری؟
ئەیانووت: لەخزمەتتایە،
هێلکەی رەش ئەخۆی یان سپی؟
پشیلە سوێندی بۆ خواردم،
دوانزە رۆژە بەرۆژووم و..
نیازم وایە،
وەکو کەنارییەکان بمرم..
گەر دنیا مەلی تیا نەبێ،
ئەی من سوودی چییە عومرم؟
* * *
کۆڕی بەکۆمەڵی کۆتر..
ئەنفالی قازو مراوی..
ئەبوغرێبی کەناری..
ئەمنە سورەکەی مریشك و..
هەیئەی کەرکوکی کوکوختی..
گوانتانامۆی خورماخۆرەو..
مەنعەتەجەولی قومری
ئەحکامی عورفی ریشۆڵەو
حوکمی ئیعدامی کەڵەشێر..
* * *
گوا ئاژانسی هەواڵەکان؟
رۆژنامەکان..
شاعیرەکان..
کوا دادگاکان..؟
سوێسکەیەك چاوێکی کوێرەو
دوو بێچووی لەبەرچاوی خۆی
خنکنێراوە..
تووتییەك پەری سووتاوەو..
دوو بێچووی بێ سەروشوێنەو
هێلانەکەیشی سووتاوە..
کوا ستوونە ئازادەکان؟
کوا نووسەرە لیبراڵەکان؟